" ئەوی بۆ دەسەڵاتوەرگرتن شۆڕش دەکات،ئامادەیە لەو پێناوەدا هاوکاری دوژمنی نەتەوەکەشی بکات."*

لە گەرمەی سەرهەڵدانی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی وڵات لەو کاتەی کە شارەکانی کوردستان یەك لە دوای یەك بۆ دەربـڕینی رق و بێزاری لە سەرکوت، داپڵۆسین، سووکایەتی کردن بە کەرامەتی ئینسانی و شەرەفی نەتەوایەتی‌یان بوێرانە رژابوونە شەقام وکووچە و کۆڵانان، وە بە شێوەیەکی شارەستانیانە داوای مافی ڕەوای خۆیانیان دەکرد، گوێم لە وتووێژی رادیویی عبدالحسن بنی‌سەدر بوو.ئەم وتووێژە لە رادیۆ" رۆژهەڵات" کە رادیۆی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانە ساز درابوو.

وتووێژی رادیو رۆژهەڵاتی کۆمەڵەی ش-ز لە کاتو ساتێکی ئاوها دا کە سەرهەڵدانی خۆڕسکی خەڵکی کورد ، بۆ بەرەنگار بوونەوەی سەرەرویی و ملهوریی و سەرکوت تەواوی شارەکانی کوردستانی گرتەبۆوە ،نەك تەنێ هەڵەیەکی گەورەی سیاسی‌یە بۆ ئەم رێکخراوەیە، بەبڕوای من سوکایەتیشە بە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیان و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و سەرجەم جووڵانەوی رزگاری خوازی کورد. گێرانەوی مێژوی٢٨ی گەڵاوێژی ١٩٧٩ و فەرمانی جیهاد، لە لایەن سکرتاریەتی کۆمەڵەی ش-ز و خۆپاراستن لە گوتنی ناوی بەنی سەدر، بە مانای بەری کردنی جەنایەکانی ئەوە دژ بە خەڵکی کوردستان و دەستکاری مێژوو. ئەم کردەویە لە باری ئەخلاقی‌یەوە بو رێکخراوێك کە لافی وڵاتپارێزی لێدەدات سووکە،لە باری سیاسیشەوە جیاوازە لە ئەو بەرنامە و شیعارانەی کە خۆیانی پێ پێناسە دەکەن.لە باری یاسایشەوە تاوانێکە کە دەکرێت بە چەواشە کردنی مێژووی گەلێك ناوی بەرین.

بە بڕوای من کۆمەڵەی ش-ز و سکرتاریەتی ئەم رێکخراوە، تووشی قەیرانێکی سیاسی بووە، کە بە داخەوە ئازارو زیانەکانی یەخەی سەرجەم بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردیش دەگریتەوە.

ئەوە نە تۆمەتە نە ئیدعایەکی پڕو پووچ. بڕوانە راگەیاندنی ژمارە ١٤ لە ١٤ی گەلاوێژی ١٣٨٤هەتاوی کە سکرتاریەتی کۆمەڵەی ش-ز بۆ پووچەڵ کردەنەوی بانگەوازەکەی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران ( کۆمەڵە)لە ١١ ی گەلاوێژ دا، کە داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بوو، بۆ ئەوی بیانوو نەدرێتە دەست بکوژانی رژیمە ئیسلامیەکی ئێران بۆ زیاتر کوشتن و بەڕینی خەڵکی کورد ، بە شێوەیەکی شارەستانیانە و گونجاو و بە ئێعتراز بە کردەوەکانی رژیم مانگرتنی سەراسەری بکرێت.

ئەوە ئەم پرسیارە دروست دەکات کە: ئایا رێکخراوێکی جیدی سیاسی، شیاوە لە کاتێکی ئاوها ئاستەم دا راگەیاندراوی وا بڵاوبکاتەوە؟ ئایا ئەم راگەیاندراوەی کۆمەڵەی ش-ز کە چەند رۆژی مابوو بۆ مانگرتنە سەراسەری‌یەکە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە بوو دەرحەق بە خەڵکی زەحمەتکێش؟ یان ئاخۆ ئەوە پشتیوانی‌یەك بوو بۆ ئەو هەموو لاوە خوێنگرمانە کە فیداکارانە و بوێرانە بەرنگاری رژیمە ملهوڕە ئیسلامی‌یەکەی ئێران بوو بونەوە؟

بە بڕوای من پشتیوانی کردن یان لانی کەم بێدەنگی کردنتان،بەشداری دەکردن لەو شانازی‌یە گەورەیە کە خەڵکی کوردستان لە 16مانگی گەلاوێژ خولقاندیان. وە دەبووە بناخەیەك بۆ راست بێژیتان سەبارەت بە بەرەی یەکگرتوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئا لە رۆژێکی ئاوها دا وەدەر دەکەوێت ، بەرژەوەندی حیزب خستنە بەر بەرژەوەندی گەل چەندە زیانبەخشە.
داواکاری ئێوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و هاوریێتان لە تەك سازمانی ئەکسەری‌یەت بەو پاشخانە گڵاوە سیاسی‌یەوە، لە راست بێژیتان چ لە کۆن، یانی بەر لە ئینشیعابەکان و چ لە ئێستادا، کەم دەکاتەوە. گەلۆ دەورانێك (بەر لە ئینشیعابەکان) سکرتارییەتی ئێوە باش لە خەیانەتەکانی یەك لە دوای یەکی ئەکسەری‌یەت شارەزا بوون کە دەرحەق بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردی کرد. تۆ بڵێی لە ئارشیوی رێکخراوەکەتان‌دا مابێت؟ باشە کام ئاڵوگۆر لە سیاسەتی ئەکسەری‌یەت و کۆمەڵەی ش-ز رووی‌داوە کە ئاوها هاورێییتان گەرم و گوڕە؟ کوان کردەوە و رونکراوە دوو قۆڵی‌یەکەتان؟جێگای سەرسووڕمانە و ئەم پرسیارە دێنێتە ئاڕاوە کە: ئەم رێکخراوە چەندە پێبەند بە ئوسوول و پرینسیبی ئەخلاقی و سیاسی رێکخراوەیی خۆیەتی، وەك ئیدیعای دەکات؟

داخۆا بەرپرسی ماڵپەڕی "برووسکە" کە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ش-زە، هیچ کاتێك بیری کردۆتەوە کە بۆ بە تێڕادویی نووسراوە و ئامۆژگاری‌یەکانی کوڕی شا ( رەزا پەهلەوی) لە ماڵپەڕەکەیەوە بڵاودەکرێتەوە؟ئایا راوێژکاران و دارێژەرانی سیاسەتی کۆمەڵەی ش-ز ئەوە، بە ڕەوا دەزانن بۆ بنەماڵەی شەهیدان و دایکانی نەحەساوە و جگەر سووتاویی وەك( دایە بەهییە) دایکی شەهیدانی موستەفاسوڵتانی،یادی" کاك فوادی سەرۆك"** یادیان لە ماڵپەڕ و رادیوێك دا بکرێتەوە کە بەنی‌سەدر و کوری شا نووسراوە و { فەرماییشەکانیان} تێیدا بڵاو دەکرێتەوە ؟ ئەوە وەك ئەوە وایە کە رۆژێك رێکخراوێکی کورد لە باشووری وڵات بۆ ساڵرۆژی هەڵەبجەی شەهید میوانداری لە عەلی حەسەن مەجید ( عەلی کیمیایی) بکات .ئەویش لەوی لە کەناری گۆڕی شەهیدان بۆ دایکان و باوکان و بنەماڵەی شەهیدان و برینداران و

خەڵکی زەحمەتکێش و نەحەساوەی کوردستان باس لە زۆرداری رژیمی حاکم بکات. ناوی ئەوە دەنێن شۆڕشگێڕی و پارێزگاری لە مافی زەحمەتکێشان؟
بەگومانم،حیزبێك کە ئێستا چاوپۆشی بکات لە بکوژان و خەیانەتکارانی دژبە نەتەوەکەی،چلۆن لە داهاتوو دا دەتوانێت داوای قەرەبوو کردنەوەی ماڵوێرانی و دەربەدەری و مافی زەوتکراوی گەلێکی چەند میلیونی بکات و پروژەی سیاسی بۆ کێشەی وڵاتێکی داگیرکراو بخاتەڕوو؟

سەلاح حەقگۆ ٧/٩/٢٠٠٥

* ١ : مەناخیم بیگن
** ٢ : وتەی ع.موهتەدی لە رادیو رۆژهەڵات